# دەرگاکانی بێهودەیی

عومەر جەلال
omerjelal@yahoo.com

خەمی شکانەوەی گوڵێك ئازارم دەدات
بێدەنگی مردنی باخچەیەك دەرگاکانی دۆزەخم نیشاندەدات
رۆندکی منداڵێکی تەنیا نائومێدم دەکات
پیربوونی گەڕانی شەقامەکان لەتم دەکات
نەورەسێك دەبینم ناتوانێت بفرێت
باڵەکانی ,تەنهایی شکاندوویەتی
دەرگایەکی ئاسودەیم لێدادەخات
هەموو تێپەرینێك بەسەر تەڵەگیایەکدا
تێپەرینە بەسەر تەرمی مندا
کوشتنی نیگایەك کوشتنی مرۆڤێکە لای من
بە پە نجەرەیەك تێڕوانینەوە تەنیا گەڵا هەڵوەریوەکانی پایز هاورێمن
نێرگزە بەرامەکانی بەهار لێم زیزن
لەناو خۆکوشتندا درەگایەك هەیە بۆ بەختەوەری
لەتەنیشت گۆڕستانێکەوە هاورێ ی نوێ دەناسم
هاورێکانم لەماڵی مردن دادەنیشن و دەخۆنەوە
منێك بە ( با ) دا پەیام بنێرم بۆ ئاسوودەی؟!!
کام گۆرانی دەرگای خۆیم لێدەکاتەوە؟
کام مۆسیقا دەستم دەگرێت بۆ مەنفای یاد چوونەوە؟
کام هۆنراوە ئاوێتەی منداڵیم دەکات؟
ئاە منداڵی تەنیا لە ماڵی تۆ بەختەوەر بووم
ئازارەکانی منداڵیم لە ئاسودەییەکانی گەورەبوون بە چێژتربوون

کچێك له دووری خه‌می منه‌وه بانگم ده‌کات

کاتێك ده‌گه‌م ته‌نیا تارماییه و هیچ

باوکم له‌ده‌رگا ده‌دات و دیار نامێنێت

برا گه‌وره‌که‌م کتێبه‌کانم ده‌کاته زبڵاَخانه‌ی خێڵه‌وه

نیشتمان ئه‌دره‌سی مه‌ستیم لێ ده‌دزێت

من ته‌نیای له خۆم ده‌دزم

هه‌رخۆم سزای خۆم ده‌ده‌م

خۆم قسه له‌ته‌ك خۆم ناکه‌م

خۆم ,خۆم بانگ ده‌که‌م ئاشتم بکاته‌وه له‌ته‌ك خۆم

خۆم ده‌بم به‌ئه‌و ,

له‌بریی ئه‌و به خۆم ده‌ڵێم خۆشم ئه‌وێ ی

هه‌ر خۆم ئه‌م هۆنراوه ده‌خوێنمه‌وه

هه‌ر خۆم دڵی ته‌نیای خۆم ده‌ده‌مه‌وه

هه‌ر خۆم ده‌ست خۆشی له خۆم ده‌که‌م

سوپاس بۆ خۆم

که توانیومه هه‌ر خۆم بم

ئازاری 2007